مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# التباين المكاني للعناصر المناخية وتأثيرها في المساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية في قضاء كلار

م.م.سركوت حمه خورشيد أحمد
قسم الجغرافية، كلية التربية، جامعة كوية، كوية، إقليم كردستان – العراق
قسم الجغرافية، كلية التربية، جامعة گرميان، كلار، إقليم كردستان – العراق
Sarkawt.hamakhursheed@garmian.edu.krd

أ.د.هيوا أمين جلال
قسم الجغرافية، كلية التربية، جامعة كوية، كوية، إقليم كردستان – العراق
.Hiwa.amen@koyauniversity.org

**الكلمات المفتاحية**: المساحة المزروعة، العناصر المناخية، الزراعة الشتوية، نظام المعلومات الجغرافية (GIS)، قضاء كلار .

**كيفية اقتباس البحث**

احمد، سەرکەوت حمەخورشید، هيوا امين جلال ،التباين المكاني للعناصر المناخية وتأثيرها في المساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية في قضاء كلار ،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، اذار ٢٠٢٦,المجلد:١٦, العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

Spatial Variation of Natural Elements (Climate Factors) and Their Impact on Cultivated Area and Winter Crop Production in Kalar District

Assistan.lect.Sarkawt Hama Khursheed Ahmed
Department of Geography, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
Department of Geography, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq
**Sarkawt.hamakhursheed@garmian.edu.krd**

Prof.Hiwa Amin Jalal
Department of Geography, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
**Hiwa.amen@koyauniversity.org**

**Keywords** :Cultivated Area, Climatic Factors, Winter Crops, Geographic Information System, Kalar District

**How To Cite This Article**
Ahmed. Sarkawt Hama Khursheed.Hiwa Amin Jalal , Spatial Variation of Natural Elements (Climate Factors) and Their Impact on Cultivated Area and Winter Crop Production in Kalar District , Journal Of Babylon Center for Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Climate change is a significant global issue that has a direct impact on human life. This research examines the effects of climatic factors on cultivated area and winter crop production in Kalar District. The importance of this research lies in revealing the impact of climatic factors

on the area and volume of winter crop production. The study area is rich in fertile plains and extensive agricultural land. The findings of this research can assist farmers and agricultural sector managers in the study area to improve production strategies and resource management.

The research problem is that climatic factors have an impact on cultivated area and winter crop production in Kalar District. An analytical and comparative methodology has been employed among different areas within the study region. The objective of this research is to determine the impact of various climatic factors on cultivated area and winter crop production in Kalar District. The research is divided into several sections. The first section examines the impact of temperature, rainfall, humidity ratio, and wind on winter production in the study area. The second and third sections examine the spatial variation in agricultural land use and winter production in the study area for the years (2013-2023).

The research results show that there is a very strong positive direct relationship between climatic factors and the area and volume of winter crop production. The cultivated winter area in 2013 reached (98,435) dunams, with production volume reaching (59,885.4) tons, while annual rainfall was only (235.34) mm. For the comparison year (2023), cultivated area increased to reach (109,100) dunams. Production volume also reached (76,349) tons. For the comparison year (2023), rainfall increased to reach (382.4) mm, meaning that climatic factors have played a central role in cultivated area and production volume in the study area.

الملخص

يُعدّ تغير المناخ من القضايا العالمية الكبرى التي تؤثر بشكلٍ مباشر في حياة الإنسان. يتناول هذا البحث تأثير العناصر المناخية في المساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية في قضاء كلار.

تكمن أهمية الدراسة في إظهار مدى تأثير العوامل المناخية على مساحة وإنتاج الزراعة الشتوية في منطقةٍ تمتاز بخصوبة أراضيها واتساع مساحتها الزراعية.يمكن لنتائج هذا البحث أن تسهم في مساعدة المزارعين وواضعي السياسات الزراعية في المنطقة على تحسين استراتيجيات الإنتاج وإدارة الموارد.تتمثل مشكلة البحث في تحديد مدى تأثير عناصر المناخ في المساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية في قضاء كلار.اعتمدت الدراسة على المنهج المقارن والميداني بين مناطق مختلفة ضمن منطقة الدراسة.يهدف البحث إلى تحديد تأثير العناصر المناخية المختلفة (درجة الحرارة، الأمطار، الرطوبة، الرياح) في المساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية في القضاء.قُسّمت الدراسة إلى عدة محاور؛ تناول المحور الأول تأثير

العناصر المناخية في الزراعة الشتوية، فيما تناول المحوران الثاني والثالث التباين المكاني لاستخدامات الأرض الزراعية الشتوية خلال المدة (٢٠١٣–٢٠٢٣)

أظهرت النتائج وجود علاقة ارتباط موجبة قوية بين عناصر المناخ والمساحة المزروعة وإنتاج المحاصيل الشتوية. فقد بلغت المساحة المزروعة عام ٢٠١٣ نحو (٩٨,٤٣٥) دونم بإنتاج بلغ (٥٩,٨٨٥,٤) طن، بينما كان معدل الأمطار السنوي (٢٣٥,٣٤) ملم. وفي عام ٢٠٢٣ ارتفعت المساحة المزروعة إلى (١٠٩,١٠٠) دونم، والإنتاج إلى (٧٦,٣٤٩) طن، والأمطار إلى (٣٨٢,٤) ملم.

تؤكد النتائج أن العوامل المناخية تلعب دورًا أساسيًا في تحديد مدى واتساع الزراعة الشتوية في منطقة الدراسة.

جیاوازی شوێنی بنەما سروشتییەکان (ڕەگەزەکانی ئاوهەوا) و کاریگەری لەسەر ڕووبەری چێندراو

و بڕی بەرهەمی زستانە لە قەزای کەلار

**م.ی.سەرکەوت حمە خورشید احمد**

جۆگرافیا ، فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە،کۆیە، هەرێمی کوردستان عێراق

جۆگرافیا ، کۆلێجی پەروەردە،زانکۆی گەرمیان،کەلار هەرێمی کوردستان عێراق

Sarkawt.hamakhursheed@garmian.edu.krd

**پ.د.هیوا ئەمین جلال**

جوگرافیا ,فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان،عێراق

Hiwa.amen@koyauniversity.org

پوختە

گۆڕانی ئاوهەوا پرسێکی گرنگی جیهانییە کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر کاریگەرییەکانی ڕەگەزەکانی ئاوهەوا لەسەر ڕووبەری چێندراو و بڕی بەرهەمی زستانە لە قەزای کەلار ، گرنگی ئەم توێژینەوەیە ،لەوەدایە کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاوهەوا لەسەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی چێندراوی زستانە دەردەخات، لەناوچەی توێژینەوە دەوڵەمەندە بەدەشتی بەپیت و ڕووبەری فراوانی زەوی کشتوکاڵی. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن یارمەتی جوتیاران و بەڕێوەبەرانی کەرتی

کشتوکاڵی ناوچەی توێژینەوە بدەن بۆ باشترکردنی ستراتیژییەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان،هەروەها کێشەی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە ڕەگەزەکانی ئاوهەوا کاریگەریان هەیە لەسەر ڕووبەری چێندراو بری بەرهەمی زستانە لەقەزای کەلار، بە کارهینانی میتودی شیکاری و بە راوردکاری لە نیوان ناوچە جیاوازە کانی ناوچە ی توێژینەوە بەکارهاتووە،

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری ڕەگەزە جیاوازەکانی ئاوهەوایە لەسەرڕووبەری چێندراو و بری بەرهەمی زستانەیە لە قەزای کەلار،توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا لەتەوەرەی یەکەم دا تیشک خراوەتە سەر کاریگەری (پلەی گەرمی ، باران ،ڕێژەی شێ،با) ،لەسەر بەروبوومی زستانە لەناوچەی توێژینەوە،لەتەوەرەی دووەم و سێیەمدا تیشک خراوەتەسەر جیاوازی شوێنی بەکارهێنانی زەو کشتوکاڵی بەروبوومی زستانە لەناوچەی توێژینەوە بۆساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) .لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی ئەرینی راستەوانەی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان ڕەگەزەکانی ئاو هەواو روبەرو بری بەرهەمی چێندراوی زستانە،ڕووبەری چێندراوی زستانە لەساڵی ٢٠١٣ گەیشتۆتە (٤٣٥.٩٨)دۆنم ،بری بەرهەمیش دەگاتە(٥٩٨٨٥,٤)تەن، بری بارانی ساڵانە تەنها(٢٣٥,٣٤)ملم بووە ،بۆساڵی بەراورد (٢٠٢٣) ڕووبەری چێندراو زیادیکردووە دەگاتە (١٠٩١٠٠)دۆنم تۆمارکراوە.بری بەرهەمیش گەیشتۆتە(٧٦٣٤٩)تەن، بۆساڵی بەراورد (٢٠٢٣)بری باران زیادیکردووە کە گەیشتۆتە(٤.٣٨٢)ملم واتە ڕەگەزەکانی ئاوهەوا ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەڕووبەری چێندراو بری بەرهەم لەناوچەی توێژینەوە

ووشە سەرەکییەکان:ڕووبەری چێندراو،ڕەگەزەکانی ئاوهەوا،بەروبوومی زستانە،سیسەمی زانیاری جۆگرافیا،قەزای کەلار

پێشەکی

گۆڕانی ئاوهەوا یەکێکە لەو بابەتانەی کەلەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆتە جێگای بایەخی پسپۆڕان وتوێژەران،گۆڕانی ئاووهەوا لە سەدەی (٢١) وە بووە بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکانی مرۆڤایەتی، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئابووری وڵاتان. هەرێمی کوردستان بەگشتی و ، ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی، ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی ئاوهەوا بووەتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕووبەری چێندراو و بری بەرهەمی زستانە، کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی جوتیاران

و خواردنی دانیشتوانی ناوچەکەیە ،ئەم توێژینەوەیە ڕێچکەیەکی زانستی گرتۆتە بەر، بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS) ، بۆ توێژینەوە لە کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر ڕووبەری چێنراو و بری بەرهەمی زستانە لە قەزای کەلار.

ئاوهەوا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە سەرکەوتن یان شکستی چالاکییە کشتوکاڵییەکان. پلەی گەرمی، بارین، شێ، با، تیشکی خۆر و فشاری هەوا هەموویان بەشدارن لە دیاریکردنی ئەوەی کە چ جۆرە ڕووەکێک دەتوانێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا گەشە بکات و چۆن بەرهەم دەهێنێت

بەو پێیەی کشتوکاڵ یەکێکە لە پایەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە نەک تەنیا گرنگییەکی زانستی هەیە، بەڵکو گرنگییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی هەیە، و دەتوانێت یارمەتی دەربێت لە ڕەنگەرێژکردنی پلانی کشتوکاڵی بۆ بونیاتنانی کشتوکاڵێکی بەهێز و خۆگونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داهاتوو.

**گرنگی توێژینەوە:**

١-لایەنی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانیاری گرنگ سەبارەت بەکاریگەری نێوان ڕەگەزەکانی ئاوهەوا و ڕووبەری چێندراو و بری بەرهەمی زستانە لە ناوچەی توێژینەوە. ئەمەش دەتوانێت بنەمایەک بێت بۆ توێژینەوەی زیاتر لە داهاتوودا

٢-لایەنی پراکتیکی: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن یارمەتی لایەنی پەیوەندار و جوتیاران و بەڕێوەبەرانی کەرتی کشتوکاڵی بدەن بۆ باشترکردنی ستراتیژییەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان

**کێشەی توێژینەوە:**

لیره دا ده توانین کیشه ی تویژینه وه كه مان به م شیوه یه ی لای خواره وه بخه ینه روو

١- ئایا بنەما سرووشتییەکانی ڕەگەزەکانی ئاوهەوا کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕووبەری چێندراو بری بەرهەمی زستانە لەناوچەی توێژینەوە؟

٢- کام لەڕەگەزەکانی ئاو هەوا زۆرترین کاریگەریان هەیە لەسەر ڕووبەریچێندراو بری بەرهەمی زستانە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی توێژینەوە یەکێکەلەبنەماسەرەکیەکانی توێژینەوە،وەڵامێکی پێش وەختە بۆکێشەی توێژینەوە

١- بەڵێ ڕەگەزەکانی ئاوهەوا کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕووبەریچێندراو وبڕی بەرهەمی زستانە لەناوچەی توێژینەوە

٢- باران زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕووبەری چێندراو وبڕی بەرهەمی زستانە لەناوچەی توێژینەوە

**میتۆدی توێژینەوە:**

هەرتویژینە وە یە کی زانستی پیویستی بە میتودیك یان چە ند میتودیك زانستی هە یە ، لە م تویژینە وە یە پشت بە ستراوە بە میتودی هەڵێنجاندن، واتا لە بە شە وە بو گشتی هە روە ها بە کارهینانی میتودی شیکاری و بە راوردکاری لە نیوان ناوچە جیاوازە کانی ناوچە ی توێژینەوە، میتودی وەصفی بو ناساندنی دیاردە کان بە کارهێنانی ئامرازی (GIS ) بو دروست کردنی نە خشە کان ،هە روە ها بو شیکردنە وە ی جیاوازی شوێنی بە کارهێنانی زە وی کشتوكاڵی بەروبومی زستانە لە قە زای کەلار بۆ سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)، پشت بە دە ستە ی ئاماری هە ریم و دامودە زاگاکانی حکومە تی هە ریم دە بە ستری بو کو کردنە وە ی داتاو زانیاری.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی سە رە کی تویژینە وە کە بریتیە لە دە ر خستنی رادە ی کاریگە ری ڕەگەزەکانی گۆڕانی ئاوهە وا لە سە ر ڕووبەری چێندراو بڕی بە رهە می زستانە لە رێگە ی شیکردنە وە ی رە گە زە کانی ئاوهە وای ناوچە کە و دیاریکرنی ئاراستە ی گۆرانی ئاووهە وا و رێژە ی گۆڕان لە ماوە ی (١٣) ساڵ دا

پلانی توێژینەوە :-

بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی دەستنیشانکراوەکان توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر سێ تەوەردا تەوەرەکانیش بریتین لە:-

تەوەری یەکەم: کاریگەری پلەی گەرمی،باران،شێ،با لەسەر بەروبوومی زستانە لەقەزایی کەلار .


تەوەری دووەم : جیاوازی شوێنی بە کارهێنانی زە وی کشتوکاڵی بەروبومی زستانە لە قە زای کەلار بۆ ساڵی (٢٠١٣).

تەوەری سێیەم:جیاوازی شوێنی بە کارهێنانی زە وی کشتوکاڵی بەروبومی زستانە لە قە زای کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٣).

**شوێنی جۆگرافی ناوچەی توێژینەوە:**

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی قەزای کەلار لەباکور هاوسنوورە لە گەڵ قەزای قەرەداغ و قەزای دەربندیخان دەکەوێتە رۆژهەلاتی ناوچەی تویژینەوە، قەزای خانەقین دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵات و باشوری قەزاکە، قەزای کفری دەکەوێتە بەشی باشوری رۆژ و رۆژئاوی قەزای کەلار، هەرچی چەمچەماڵیش دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژئاوە. سەبارەت بە شوێنی فەلەکی)ئەسترۆنۆمیی(، دەکەوێتە نێوان پانی (٥٥ = ٣٤-٣٢° _ ١٩=٠٩-٣٥°) ی باکوور ، و نێوان دوو هێڵی درێژایی ٥٥=٠٦-٤٥° - ٣٤=٣٦-٤٥°) لە ڕۆژهەڵات، وەک لە نەخشەی (١)دا نیشان دراوە ڕووبەری قەزای کەلار (١٦٩٨)کم دابەشکراوە بەسەر چوار ناوچەدا وەک (ناوەندی قەزا،ڕزگاری،پێباز،شێخ تەویل)

نەخشەی ژمارە(١)شوێنی جۆگرافی ناوچەی توێژینەوە




**سەرچاوە :** حکومەتی هەریمی کوردستان, وەزارەتی پڵاندانان, دەستەی ئاماری هەرێم, بەشی نەخشەسازی,GIS،٢٠٢٣.

کاری توێژەر پشت بەستن بە :پرۆگرامی (Arc map 10 . 8)

**تەوەری یەکەم: کاریگەری پلەی گەرمی،باران،شێ،با لەسەر بەرووبوومی زستانە لەقەزایی کەلار:**

ئاووهه وا كاریگه ریه كی زۆر له سه ر سرووشتی رووه ك و به رووبوومه كشتوكاڵیه كان هه یه له ڕووی گه شه و دابه شبوون و جۆره كانییه وه هه رجورێكیش له ڕووه ك بارووددۆخی ئاووهه وای تایبه ت به خۆی هه یه ( كربل و ولی محمد ،١٩٨٦:١٧-١٨) سەرەڕای ئەوەش ئاووهه وا به یه كێك له گرنگترین له فاكته ره سروشتیه كان داده نریت، كاریگه ری راسته و خۆی هه یه له سه ر رووی زەوی له ڕووی جورو دابه شبوونی جوگرافی و ڕووپوشی رووه كی و ئاژه ل و جیاوازی خاك و كشتوكال و چالاكی مرۆیی له شوێنێكه وه بۆشوێنیكی تر به جێده هێلێت ( محمد امین،٢٠١٤:٢٥) ، ئاوهه وای ناوچەی توێژینەوەكە ئاووهه وای هه رێمی گه رمه سێره ، ،ڕەگەزەكانی ئاوهەوای ناوچەی توێژینەوە لەمانەی خوارەوە پێك هاتووە:

١- پله كانی گه رما :

پله ی گه رمی له گرنگترین ڕه گه زه كانی ئاوهه وا یه كه كارده كاته سه ر دابه شبوونی ڕووپۆشی ڕووه ك و كشتوكاڵكردن له سه رگۆی زه وی ( الفغری، ١٩٨٣ :٧٨) له به رئه وه ی كاریگه ری دەبێت لەسەربەرووبوومی كشتوكاڵی جا به شیوه یه كی ڕاسته وخۆ یان ناراسته وخۆ بێت (شه ریف، الشلش علی حسین، ١٩٨٥ :٣)، هەروەها پلەی گەرمی یەكێكە لە گرنگترین فاكتەرە ژینگەییەكان كە كاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا، كاریگەری پلەی گەرمی لەسەر كشتوكاڵ لە قەزای كلار دەخرێتە ژێر توێژینەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە ناوچەی لێكۆڵینەوەكە جیاوازی بەرچاوی كاتی و شوێنی لە پلەی گەرمیدا هەیە ،لە خشەی ژمارە(١) دەبینین پلەی گەرمی جیاوازە لەناوچەی توێژینەوە لەكاتێكەوە بۆكاتێكی تر ئەمەش وایكردووە تێكرای مانگانەو وەرزانە و ساڵانەش جیاوازبێت.

پله ی گه رمی ناوچه ی توێژینەوه له خشته ی ژماره (١) دا بۆمان ده رده كه ویت ،بەرزترین تێكرای مانگانەی پلەی گەرمی لەوەرزی هاوین تۆماركراوە لەمانگی تەمووز كە (٣٥س) تۆماركراوە،نزمترین پله ی گه رمی له وه رزی زستاندا كه تیكرایی مانگانه له مانگی كانوونی دووه مه كه (٩٫٨٣) پله یه، ئه مه ش نزمترین پله ی گه رمی تۆ مار كراوە،ئەو جیاوازیە زۆرەش كەبەدی دەكرێت لەنێوان وەرزەكانی ساڵدا هۆكارێكی باشە بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبوومی زستانە لەناوچەی توێژینەوە،تێكرای پلەی گەرمی ساڵانە دەگاتە (٢٢٫٤)پلەی سەدی لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)لەناوچەی توێژینەوە،هەروەها تێكرای پلەی گەرمی لەمانگەكانی هاوین زیاترە بەبەراورد بەمانگەكانی زستان،بێگومان ئەمە دەگەرێتەوە بۆ هۆكاری شوێنی فەلەی وجیاوازی درێژی ڕۆژوو شەو وە بێ گەردی ئاسمان و دوورو نزیكی جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان.ئەمانەش هۆكاری بوونی هەرێمی ئاوهەوای گەرمەسێرە لەناوچەكە ئەم جیاوازی پلەی گەرمی مانگانە و وەرزانە و ساڵانە بەرپرسە لەسەربوونی جیاوازی لەبەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی ڕووەكی وجۆراوجۆری بەروبوومەكان و بری بەرهەمی كشتوكاڵی ڕووەكی لە ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (١)تێكرایی مانگانە و وەرزانەی پلەی گەرمی لە قەزای كەلار لەماوەی ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

| ساڵ | ک١ | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمووز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 9.71 | 10.3 | 13.3 | 18.6 | 24.6 | 28.2 | 36.6 | 37.9 | 37.2 | 30.7 | 24.6 | 17.68 |
| 2014 | 13.3 | 11.9 | 12 | 15.2 | 24.5 | 30.2 | 33.9 | 38.3 | 38.2 | 33.3 | 24.9 | 15.72 |
| 2015 | 11.6 | 10 | 11.1 | 15.9 | 23.3 | 23.3 | 35 | 39 | 38.9 | 34.7 | 25.7 | 14.87 |
| 2016 | 10.3 | 7.94 | 14.2 | 16.2 | 22.8 | 29 | 35.3 | 38.8 | 37.9 | 31.2 | 25.9 | 24.94 |
| 2017 | 12.4 | 9.28 | 9.01 | 15.6 | 22.2 | 31.2 | 37 | 36.9 | 37.4 | 33.4 | 25.1 | 20.45 |
| 2018 | 14.2 | 12 | 14.1 | 23.3 | 23.7 | 30.7 | 36.3 | 37.4 | 36.6 | 31.4 | 25.4 | 18.68 |
| 2019 | 15.4 | 11 | 12.4 | 10.1 | 20.3 | 23.2 | 35.6 | 38 | 37.2 | 32.3 | 27.1 | 18.22 |
| 2020 | 13.1 | 11.2 | 13.3 | 18.1 | 23.3 | 31.2 | 36.9 | 38.5 | 38.3 | 35.1 | 28.6 | 19.15 |
| 2021 | 13.1 | 12.8 | 14.1 | 17.2 | 25.8 | 32 | 37.9 | 38 | 37.8 | 31.5 | 22.3 | 19.91 |
| 2022 | 14 | 9.67 | 14.1 | 15.3 | 24.5 | 27.7 | 35.9 | 38.9 | 37.7 | 33.3 | 27.8 | 19.07 |
| 2023 | 14.9 | 11.8 | 11.2 | 17.5 | 21.3 | 27.9 | 32.2 | 38 | 37.8 | 33.3 | 26.1 | 18.84 |
| مانگانه | 11.8 | 9.83 | 11.6 | 15.2 | 21.4 | 26.2 | 32.7 | 35 | 34.6 | 30 | 23.6 | 17.29 |
| وەرزانه | 11.1 | 20.9 | 34.1 | 23.7 | | | | | | | | |
| ساڵانه | ٢٢.٤ | | | | | | | | | | | |

سەرچاوە کاری تویژەر پشت بەستن بە

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کشتوکاڵ ،(٢٠٢٣) ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ، هۆبەی کەشناسی ، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزە ،داتای بڵاونەکراوە.

تێکرای پلەی گەرمی لەوەرزی پایز لەناوچەی توێژینەوە گەیشتۆتە( ٢٣,٧ گونجاوە بۆئامادەکردنی زەوی بۆچاندنی بەروبوومەکان،وەرزی زستان تێکرای پلەی گەرمی مانگانە دەگاتە (١١,١) ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت بۆگەشەی بەروبوومی زستانە،وەرزی بەهار پلەی گەرمی دەگاتە (٢٠,٩) ،بەشێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ پێگەشتنی بەروبوومەکان،واتە تێکرای مانگانەی پلەی گەرمی هەرسێ وەرزەکە گونجاوە بۆبەروبوومی زستانە،دۆخی گەرمی ناوچەی توێژینەوە هۆکارێکی سەرەکییە لەزیادبوونی بری بەرهەم و ڕووبەریچێندراو.

**٢- باران**

بەیەکێک لە گرینگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دادەنرێت، وەک دەرامەتێکی سروشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی، پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان دابارین و بەتایبەتی باران بارین و جۆری و بری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و وەرزی چاندنیان. جێگای ئاماژەیە بری باران و وەرزی دابارینی و دابەشبونی، فاکتەرێکی گرنگی دەستنیشان کردنی چالاکی یە کشتوکاڵییەکانە بەتایبەتی جۆرو بری بەرووبومە کشتوکاڵیەکان. (السعيدي،٢٠١٢: ٢٩)،واتە باران بە گرنگترین دیاردە ی دابارین دادە نریت کە کاریگە ری لە سە ر بە رهە مهێنانی کشتوکاڵ هەیە و بە های گرنگیە کە ی زیاد دەبیت کاتێک لە کاتی گونجاو لە ماوە ی گە شە ی بە روبوومە کان ببارێت ،هەر بویە پە یوە ندیە کی بە تین هەیە لە نیوان بە رو بوومە کشتوکاڵیەکان و بری ئە و بارانە ی کە دە باریت، هە روە ها چری جوراو جوری کشتوکاڵی ڕووەکی و دابە ش بونی بە ستراوە تە وە بە بڕی سالانە باران و دابەش بونی لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر هەر بە روبوومێک پێویستی بە برێکی دیاری کراو ئاو هە یە بو گەشە کردنی(عثمان،٢٠١٣:٤٦)، لەخشە ی ژمارە (٢) دەبیینین دابارین لە ناوچە کە لە هە رسێ وە رزە کانی سال زستان و بە هار و پایز دا باران دە باریت ، بە ڵام لە وە رزی هاویندا باران ناباریت بە دە گمە ن نە بیت بە هوی بە رزی پلە ی گە رما و بە رزی پالە پە ستوی هە واوە

، وە کو لە هە مان خشتە دا دەبينين زۆرترين بڕی باران بارين لەوەرزی زستاندايە.
لەخشتەی ژمارە (٢)دەگەينە ئەو ڕاستيە کە جياوازی هەيە لە ماوەی توێژينەوەکە لەبڕی باران بارين لەناوچەی توێژينەوە،ئەوجياوازيەش لەتێکرای مانگانە وسەرجەمی ساڵانە و کۆی وەرزانە دەردەکەوێت ،بەرزترين تێکرای مانگانەی لەمانگی شوبات تۆمارکراوە تێکرای دەگاتە (٥٥,١٨) ملم،نزمترن تێکرای مانگانە لەمانگی حوزەيران تۆماکراوە تەنها(٠,٠٣)ملم بووە،لەمانگەکانی تەمووز وئاب تێکرای بارانی مانگانە (سفر)بووە،واتە باران بەدەگمەن دەبارێت.

خشتەی (٢)تێکرايی مانگانە و وەرزانەی باران لەقەزای کلار لەماوەی ساڵانی (٢٠١٣-

| ساله كان | ك١ | ك٢ | شوبات | ئازار | نيسان | مايس | حوزەيران | تەموز | ئاب | ئەيلول | ت١ | ت٢ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 42.19 | 84.38 | 20.6 | 1.4 | 2.4 | 15.82 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 68.55 | 235.34 |
| 2014 | 48.7 | 45.2 | 3.6 | 60.6 | 4.8 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 36.4 | 66.2 | 266.7 |
| 2015 | 43.5 | 24.4 | 42 | 41.6 | 0.8 | 21.4 | 0 | 0 | 0 | 0.2 | 96.4 | 84.38 | 354.68 |
| 2016 | 50.6 | 40.8 | 57.2 | 102.6 | 49.4 | 11.6 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.8 | 5.27 | 318.27 |
| 2017 | 2.8 | 26.4 | 137 | 163.4 | 11 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.2 | 1.6 | 342.56 |
| 2018 | 160.4 | 22.2 | 157.2 | 2.8 | 62.2 | 9 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.37 | 84.6 | 498.77 |
| 2019 | 135 | 27.8 | 60.6 | 123.4 | 61.8 | 7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 30.2 | 10.6 | 456.4 |
| 2020 | 8.8 | 70.7 | 41.5 | 65.1 | 3.5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3.2 | 46.5 | 239.3 |
| 2021 | 9.4 | 23.7 | 28.3 | 9.8 | 2.4 | 2.4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2.4 | 17.4 | 95.8 |
| 2022 | 33.4 | 48 | 31.2 | 4.4 | 7.2 | 19.4 | 0.2 | 0 | 0 | 0 | 0.4 | 54.8 | 199 |
| 2023 | 23.2 | 51.6 | 83 | 73 | 46.2 | 16.2 | 0.2 | 0 | 0 | 0.8 | 0.8 | 87.4 | 382.4 |
| مانگانه | 46.5 | 38.77 | 55.18 | 54.05 | 20.98 | 8.65 | 0.03 | 0 | 0 | 0.08 | 14.26 | 43.94 | 282.47 |
| وەرزانه | 140.45 | 83.68 | 0.03 | 58.25 | 282.41 | | | | | | | | |

٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کشتوکاڵ ،(٢٠٢٣)،

بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ، هۆبەی کەشناسی ، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزە ،داتای بڵاونەکراوە.

تێکرای سەرجەمی ساڵانەی بری باران لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)گەیشتۆتە (٢٨٢,٤١)ملم،پەیوەدیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان باران ورووبەری چێنداروی زستانە و بەرهەم ،برو جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی دێمی لەناوچەی توێژینەوە،بێگومان بری باران کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕووبەری چێنداراو و بری بەرهەم،لەساڵی بنەرەت(٢٠١٣) بری بارانی ساڵانە تەنها(٢٣٥,٣٤)ملم بووە،ڕووبەری چێنداراویش (٤٣٥.٩٨)دۆنم بووە،بۆساڵی بەراورد (٢٠٢٣)بری باران زیادیکردووە کە گەشتوتە(٤.٣٨٢)ملم،ڕووبەری چێنداراویش زیادیکردووە دەگاتە (١٠٩١٠٠)دۆنم تۆمارکراوە.واتە باران ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەڕووبەری چێنداراو بری بەرهەم لەناوچەی توێژینەوە.لە خشتە ی (٢) دە ردە کە وێت جیاوازی لە بری دابارین لە ناوچە ی توێژینەوە هە یە ، بە لام بە شێوە یە کی گشتی دابارین لە ناوچەی توێژینەوە لە (٥٠٠) ملم سالانە کە مترە ئە وە ش بە هوی ئە وە ی ناوچە کە دە کە وێتە ناوچە ی بارانی نامسوگە ر ، واتە ناوچە کە بری دابارینی کەمە ، ئە مە ش کاریگە ری دە بێت لە سە ر پروسە ی کشتوکاڵ لە ناوچە کە و بە کارهینانی زە وی بو مە بە ستی بە رهە م هینانی کشو کالی ،دەتوانرێت بۆئەنجامدانی کشتوکاڵی دێمی سوودی لێ ببینرێت

**٣-:ڕێژەی شێ:**

شێی ڕێژە یی بری ئە و هە لمە ئاوە یە کە هە وا هە ڵیگرتووە، شێی ریژە یی کاریگە ری دە بیت لە سە ر گە شە و پێگە یشتنی بە روبومە کشتوکالیە کان بە تایبە تی تا ڕێژە ی شێ لە هە وادا زیاتر بیت پیداویستی کشتوکال بو ئاو کە متر دە بیت، کە می ریژە ی شێ لە هە وادا دە بێتە هوی سیسبوون و لە ناوچوونی بە روبوومی کشتوکاڵی. (اسماعیل ٢٠١٥ :٨٥-٨٦ )هەروەها بری ڕێژە ی هە ڵمی ئاوە لە هە وادا ، پە یوە ندیە کی بە هێزی بە پروسە ی بە هە لم بوون و ئاو دە ردان لە سە ر رووە ک و ئاژە لدا هە یە، ئە م هوکارە کاریگە ری پوزە تیف و نێگە تیڤی لە سە ر بە روبوومی کشتوکالی هە یە ئە م کاریگە ریە ش لە شوینیکە وە بو شوینیکی تر لە قوناغیکە وە بو قوناغیکی تر لە کاتیکە وە بو کاتیکی تر جیاوازە و دە گوریت، بونموونە ناوچە خولگە ییە کان بە هوی کاریگە ری شێی ریژە یی قە رە بوی بری

ئه و ئاوه ده كات كه له ده ستى ده دات ئه گه ر هاتوو شێ له باريكى گونجاو بوو ئه وا كاريگه ريه كه ى باش و پوزه تيڤ ده بيت ،به لام ئه گه ر بيت و پله ى گه رمى به رزبى و شێ زۆر بيت ئه واده بيته هوى دروست بوونى نه خوشى و تيكچونى به روبوومى كشتوكالى و دواكه وتنى گه شه ى رووه ک و بلاوبونه وه ى ميروولە ى زيان به خش و ژه نگ له رووه كدا ، ئه گه ر بيتو شێ كه م بوو ئه وا رووه ک ده گاته خالى سيس بوون ئه مه ش له رووه كيكه وه بو رووه كيكى تر جياوازه ( ئيسماعيل و كويخا صادق ٢٠٢٠ ، ٨٧-٨٨)،سەبارەت بە شێی ريژه يى له قه زاى كلار ره نگدانه وه ى ده بيت له سه ر برى باران و برى به رهه مه كشتوكاليه كانى قه زاكه وه كو له خشته ى (٣) ده رده كه ويت،سەبارەت بەتێکرای وەرزانە بەرزترین تێکرای شێ لەوەرزی زستاندایە دەگاتە (٥٥,٥) ڕێژەی شێ زۆر باشە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە بۆگەشەی ڕەگ و بۆ قۆناغی گەشەکردن زۆر نایابە،وەنزمترین ڕێژەی شێ لەوەرزی هاویندا تۆمارکراوە (١٥,٣) وەک دەبینین تێکرای مانگانە تۆمارکراوە بە رزترین تێكرا لە مانگی كانونی دووە م دەگاتە (٥٨,٥.) ، ،وە نزمترن ريژەی شێ لەوەرزی هاوین لە مانگی تە مووز دا تومارە كراوە كە دەگاتە(١٤,٥) .کۆی گشتی تێکرای سالانەی شێ لەناوچەکە (٣٤,٦) تۆمارکراوە،لەناوچەی توێژینەوە تێکرای مانگانەی شێ لەمانگێک بۆمانگێکی تر جیاوازە وەک دەبینین تێکرای مانگانەی شێ لەوەرزی پایز دەگاتە (٣١,٦)،گونجاوە بۆ ئامادەکردنی زەوی بۆچاندنی تۆو،یارمەتی نەرمکردنی خاک دەدات بۆکێلان، ڕێژەی شێ لەوەرزی بەهاردا تێکرای مانگانەی دەگاتە (٣٦)گونجاوە بۆ پێگەیشتن بەرهەمەکان.شێی مامناوەند بۆ کۆتا قۆناغەکانی بەرهەمی زستانە.

| ساڵ | ک ١ | ک ٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 63.8 | 14.8 | 16.5 | 16.5 | 23 | 38.9 | 14.8 | 15 | 16.1 | 15.5 | 22.1 | 70.9 | 327.95 |
| 2014 | 71.4 | 71.1 | 54.8 | 59.8 | 38.6 | 21.1 | 15.5 | 15.9 | 15.2 | 21.1 | 42.3 | 58.1 | 484.89 |
| 2015 | 61.9 | 68 | 64.8 | 54.5 | 33.5 | 32.2 | 15.5 | 13.9 | 14.1 | 17.7 | 38.5 | 52.6 | 467.25 |
| 2016 | 72.2 | 74.8 | 63.2 | 61.6 | 46.4 | 28.8 | 24.5 | 16.2 | 14.2 | 20.5 | 25.3 | 27.4 | 474.88 |
| 2017 | 46.6 | 65.3 | 57.4 | 60.3 | 44.8 | 12.2 | 15.7 | 15.5 | 14.4 | 14.6 | 25.9 | 41.4 | 414.14 |
| 2018 | 72.6 | 55.8 | 62.8 | 50.3 | 47.7 | 42.4 | 31.6 | 16.5 | 19.2 | 19 | 35 | 75.8 | 528.57 |
| 2019 | 63.6 | 79.5 | 73.2 | 71.9 | 60.7 | 31.1 | 17 | 16.9 | 18.2 | 21.6 | 38.7 | 38.9 | 531.35 |


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 65.9 | 66.8 | 61.3 | 52.8 | 31.5 | 5.92 | 15.6 | 19.3 | 19.3 | 22.8 | 22.3 | 57.5 | 440.98 |
| 2021 | 60 | 47.1 | 57.7 | 45.6 | 32.8 | 17.6 | 13.1 | 14.5 | 15.7 | 20.5 | 25.2 | 41.2 | 391.11 |
| 2022 | 64.2 | 69.1 | 59.1 | 43 | 28.9 | 24.2 | 14.8 | 14.4 | 16.3 | 19.2 | 25.4 | 49.6 | 428.02 |
| 2023 | 59.4 | 60.5 | 54.9 | 58.7 | 49.4 | 28.1 | 19.1 | 15.8 | 16.5 | 18.9 | 50.9 | 59.5 | 491.53 |
| مانگانە | 58.5 | 56 | 52.1 | 47.9 | 36.4 | 23.5 | 16.4 | 14.5 | 14.9 | 17.6 | 29.3 | 47.7 | 415.01 |
| وەرز | 55.5 | 36 | 15.3 | 31.6 | | | | | | | | | |
| سالانە | ٣٤٦. | | | | | | | | | | | | |

خشتەی (٣)تێکرایی مانگانە و وەرزانەی شێ ڕێژەیی لەقەزای کلار لەماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کشتوکاڵ ،(٢٠٢٣)،
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ، هۆبەی کەشناسی ، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزە ،داتای بڵاونەکراوە.

جیگای ئاماژە پیکردنە شیی ریژە یی کاریگە ری گرنگی هە یە لە سە ر دروست بوونی ناهاوسنگی بری ئاو لە رووە کدا بە گشتی و بە روبوومە کشتوکالی رووکی بە تایبە تی ، هە ندی جار بە رزترین شێ ریژە یی هۆکاریکە بو لە ناوچوونی هە ندی بە روبوومی کشتوکالی و کە میشی هۆکارە بو ووشك بوونی و ریگرە لە گە شە کردنی بونموونە بە رهە می گە نم کە می شی ریژە یی دە بیتە هوی وشك بوونی بە روبوومە کە وە هە ندی جار دە بیتە هوی نە خوشی لە بە روبوومە کانی تردا

**٤- با**

با ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری هەیە لە شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵیدا، بەو پێیەی بە یەکێک لە توخمە بنەڕەتی و گرنگەکان دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ئەرێنی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵیدا دەگێڕێت وەک کەمکردنەوەی نەخۆشی زیان بەخش و،پەیداکردنی وزەی پاک ، هەروەها ڕۆڵی نەرێنی کاریگەری لەسەر چالاکیی کشتوکاڵی هەیە، وەک زیادبوونی

| ساڵ | ک ۱ | ک ۲ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت ۱ | ت ۲ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

پرۆسەکانی هەڵمبوون و گواستنەوەی نەخۆشی ڕووەکی و هەندێک مێروو کە زیانبەخشن بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی، ( الدهش،٢٠١٧:٥٨).واتە کاریگەری با لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەگۆڕێت، جا نەرێنی بێت یان ئەرێنی، ( الكلابي ٢٠٢٣:٣٤)،هەروەها خیرایی با لە قە زاکە لە رووی کاتە وە جیاوازە بۆنمونە لە وە رزی پایزدا خیرایی با زیاترە وە ك لە وە رزە کانی تر بە تایبە تی لە وە رزی زستان تارادە یە ك خیراییە کە کە مترە ،لە خشتە ی ژمارە(٤)دا ئە و راستیە دە ردە کە ویت کە خێرای با لە ناوچەی توێژینەوە لەوەرزێکەوە بۆوەرزێکی تر لە مانگێکەوە بۆ مانگیکی تر جیاوازە ،دەبینین بەرزترین خێرای با لەمانگی نیسان دەگاتە(٢,٥٥)م/چرکە، نزمترین خیرای با تۆمارکراوە لەمانگی کانوونی یەکەم دەگاتە(١,٤٥)م/چرکە، هەروەها سەبارەت بە تیکرای سالانە جیاوازی بەدی دەکرێ دەبینین تیکرای سالانە بەرزترین خێرای با لە وەرزی پایز بەرزترین تۆمارکراوە کە (٢,٨٨)م/چرکە.لیرە دا دە توانین بڵیین رە گە زی با لە رووی سە رچاوە و خیرایی کاریگە ری دە بێت لە سە ر بە کارهینانی ڕووبە رە کشتوکاڵییە کان و بە رهە مە کانیە وە ، بو نموونە ئە و بایانە ی خێراییان زۆرە و سە رچاوە کانیان لە شوینە گە رمە کانە بای ڕوژئاوا کاریگە ری خراپی دە بێت لە سە ر گە شە ی رووە ك و بڕی بە رهە مە کە ی بە تایبە تی لە وە رزی هاویندا دە بێتە هۆی وشك بوونی و لە ناوبردنی بە رهە مە کشتوکاڵیە کان لە رووی رووە کییە وە ،هە روە ها بای باکوور کە وا سە رچاوە کە ی لە شوێنە ساردە کانە بە هە مان شێوە کاریگە ری خراپی لە سە ر بە ربوومی زستانە ی ناوچە کە دە بیت.وە خیرای با کاریگەری نەرینی هەیە وە زیادبوونی بەهەڵمبوون و کەمبوونەوی شێی خاک وە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی بلاوبوونەوەی نەخۆشی و میرووی زیانبەخش وە لەکاتی بای بەهێز دە بیتە زیانگەیاندن بە گەلای رووەکەکە وەرینی بەرهەمەکەی تارادەیەک ناوچەی توێژینەوەکەمان خیرای بای بەهیز نیە وەک دەبینین کۆی گشتی خێرای با (٢,٢٣)م/چرکە.

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 25.52 | 1.69 | 2.12 | 1.94 | 1.84 | 2.09 | 1.03 | 2.46 | 2.54 | 2.3 | 2.53 | 2.81 | 2.17 | 2013 |
| 26.22 | 1.87 | 1.89 | 2.2 | 2.35 | 2.55 | 2.63 | 2.38 | 2.61 | 2.08 | 2.13 | 1.88 | 1.65 | 2014 |
| 25.71 | 1.61 | 2.15 | 2.75 | 2.3 | 2.65 | 2.53 | 2.17 | 2.29 | 2.16 | 1.82 | 1.39 | 1.89 | 2015 |
| 24.21 | 2.32 | 1.76 | 1.95 | 2.16 | 2.24 | 2.44 | 2.41 | 2.11 | 2.01 | 1.92 | 1.43 | 1.46 | 2016 |
| 23.04 | 1.64 | 1.73 | 1.93 | 2.31 | 2.28 | 2.23 | 1.92 | 2.26 | 2.19 | 1.76 | 1.42 | 1.37 | 2017 |
| 25.01 | 1.6 | 2.43 | 1.76 | 2.1 | 2.45 | 2.37 | 2.51 | 2.39 | 2 | 1.76 | 1.9 | 1.74 | 2018 |
| 23.69 | 1.92 | 1.88 | 1.68 | 2.14 | 2.2 | 2.38 | 2.26 | 2.11 | 2.03 | 1.68 | 1.72 | 1.69 | 2019 |
| 15.26 | 2.15 | 2.19 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1.18 | 2.05 | 2.11 | 2.23 | 1.72 | 1.63 | 2020 |
| 21.47 | 2.38 | 1.91 | 1.52 | 0.48 | 0.25 | 1.89 | 2.33 | 2.56 | 2.22 | 1.94 | 2.26 | 1.73 | 2021 |
| 16.48 | 1.76 | 1.71 | 0.63 | 0 | 0 | 0 | 2.29 | 2.26 | 2.32 | 2.01 | 1.85 | 1.65 | 2022 |
| 16.93 | 1.7 | 1.69 | 0.29 | 0 | 0 | 0.61 | 2.49 | 2.32 | 2.03 | 2 | 2.31 | 1.49 | 2023 |
| | 2.06 | 2.15 | 1.67 | 1.57 | 1.67 | 1.81 | 2.44 | 2.55 | 2.35 | 2.18 | 2.07 | 1.45 | مانگانه |
| | | | | | | | | 2.23 | 2.88 | 1.68 | 2.45 | 1.9 | سالانه |

خشتەی (٤)تێکرایی مانگانەی خێرای با(م/چرکە) لە قەزای کەلار لەماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کشتوکاڵ ،(٢٠٢٣)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ، هۆبەی کەشناسی ، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزە ،داتای بڵاونەکراوە.

## تەوەری دووەم :جیاوازی شوێنی بە کارهێنانی زە وی کشتوکاڵی بەروبومی زستانە لە قە زای کەلار بۆ ساڵی (٢٠١٣)

دابەشبوونی جوگرافی بەرهەمی زستانە بریتین لەو بەرهەمانەی کە لە زستاندا سوڕی ژیانی خۆیان تەواو دەکەن، وەک (گەنم، جۆ، گەنمەشامی، سەوزە و ئەوانی تر). بەشێک لەو بەرهەمانە بەتایبەتی گەنم و جۆ، بە بەرهەمی ستراتیژی گرنگ دادەنرێت، چونکە لەلایەک خۆراکی سەرەتایی بۆ دانیشتوان پێکدەهێنن، هەروەها گرنگییەکی ئابوورییان هەیە کە داهاتی دارایی بۆ جووتیارەکانیان لەلایەکی دیکەوە دەستەبەر دەکەن، ئەمە جگە لەوەی ئاسایشی خۆراک مسۆگەر دەکەن و بەشێکی بەرچاو لە پێداویستی خۆراکی ئاژەڵان پێکدەهێنن، لە هەمان کاتدا کەرستەی خاو لە هەندێک پیشەسازیدا پێکدەهێنن(قهرمان،٢٠١٩:٢٠٣)،سەرەڕای ئەم بەروبوومانەش سەوزەواتی زستانە لەخۆ دەگرێت وەک (سلّق ، شێلم،چەوەندەر،تور...هتد)،لەناوچەی توێژینەوە جیاوازی کاتی وشوێنی هەیە لەدابەشبوونی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی ڕووەکی لەکەرتەکانی قەزاکە وە ک لە خشتە ی ژمارە (٥) دە ردە کە ویت جیاوازی بە دی دە کریت لە رووی ڕووبە ری چینراو و ڕوبەری نەچێندراوی زستانە لە ساڵی (٢٠١٣) دا کۆی گشتی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی دەگاتە (٩٨٤٣٥)دۆنم. لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکان زۆرترین ڕووبەری چێندراو لە ناوەندی قەزا تۆمارکراوە کە(٣٤٥٨٥)دۆنم،ڕێژەی (٣٥,١٪)،کەمترین ڕووبەری چێندراوی زستانە لە ناحیەکانی (شێخ تەویل -پێباز)تۆمار کراوە کە (٣٠٣٨٠) دۆنم بووە،ڕیژەی (٣٠,٩٪).

خشتەی ژمارە (٥)ڕووبەری چێندراوی زستانە/دۆنم لەیەکە کارگێرییەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣

| ژ | یەکە کارگێریەکان | ڕووبەری چێندراوی زستانە/دۆنم | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی کەلار | ٣٤٥٨٥ | ٣٥,١ |
| ٢ | رزگاری | ٣٣٤٧٠ | ٣٤ |
| ٣ | پێباز*شێخ تەویل | ٣٠٣٨٠ | ٣٠,٩ |
| | کۆی گشتی | ٩٨٤٣٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (١)

لەڕووی زۆرترین ڕووبە ری چیندراو و بری بەرهەمی زستانە بە پلە ی یە کە م بریتیە لە ڕووبە ری چیندراوی (گە نم)، دە گاتە (٧٦٣٦٢ ) دونم ،ڕێژەی (٧٧,٥٨%)، بری بەرهەم

گەنم دەگاتە (٤٩٦٣٩,٥)تەن،ڕێژەی(٨٢,٨٩%)، هەروە ها رووبە ری چێنراوی (جۆ) بە پلە ی دووە م دێت لە سە ر ئاستی قە زا کە ڕووبە ری چیندراوی گە یشتۆتە (٢٠٢٠٣) دونم،ڕێژەی (٢٠,٥٢%)، بری بەرهەم دەگاتە(٧٩٣٥,٦)تەن ،رێژەی (١٣,٢٥%)،پاشان بە روبوومە کانی تروە ک ( نۆک،نیسک،پاقلە ،پەتاتە و سەوزەواتی زستانە )دێن،خشتەی ژمارە(٦)،پاشکۆی ژمارە(١).

خشتەی ژمارە(٦)ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانە /دۆنم لەناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣

| ژ | بەروبوومەکان | رووبەری چێندراو/تەن | % | برهەم/تەن | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنم | ٧٦٣٦٢ | ٥٨.٧٧ | ٥.٤٩٦٣٩ | ٨٩.٨٢ |
| ٢ | جۆ | ٢٠٢٠٣ | ٥٢.٢٠ | ٦.٧٩٣٥ | ٢٥.١٣ |
| ٣ | نۆک | ٦٥١ | ٦٦.٠ | ٧.٤٥٥ | ٧٦.٠ |
| ٤ | پەتاتە | ٢٧٦ | ٢٨.٠ | ٧١٥ | ١٩.١ |
| ٥ | سەوزەوات | ٧٨١ | ٧٩.٠ | ٦.١٠٨٧ | ٨.١ |
| ٦ | پاقلە | ١٢٣ | ١٣.٠ | ٤٤ | ٠١.٠ |
| ٧ | نیسک | ٣٩ | ٠٤.٠ | ٨ | ٠١.٠ |
| | کۆ | ٩٨٤٣٥ | ٩.٩٩ | ٤.٥٩٨٨٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(١)

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دابە ش بوونی ڕووبە ری چیندراوی بە روبوومی زستانە لە سە ر ئاستی کە رتە کانی ناوچەی توێژینەوە و بری بە رهە مە کانیایان، پولێن کراون بە سە ر چە ند گروپێک دا بۆ ئە وە ی کرداری شیکردنە وە و دابە ش کردنە کە ئاسان بیت، بە جێبە جێکردنی ها و کێشە ی ئاماری لە سیستە می زانیاری جوگرافییە کان، کە رتە کانی ناوچە ی توێژینە وە ی دابە ش کراوە بۆ شە ش گروپ لە خوارە وە تیشک خراوە تە سە ر گروپە کان کە ئە مانە ن:

گرووپی یەکەم:

گروپی یەکەم ئە و کە رتانە لە خۆ دە گرێت کە ڕووبە ری چیندراوی زستانە یان لە نیوان (٦٥-١٦٥) دۆنمە ، ئە م گروپە ( ٢٠ ) کەرتی کشتوکاڵی لە خۆ دەگرێت،ئەم گروپە بە بچوکترین گروپ دادەنرێت لەڕووی ڕووبەرەوە،هەروەها بەرزترین و نزمترین ڕووبە ری چیندراو و بەرهەمی زستانە لە ئاستی ئەم گرووپە لەکەرتەکانی (کانی گوڵ

،چەمەشۆر)،بەرزترین ڕووبەری چێندراو لە کە رتە کانی ئە م گروپە کە رتی (کانی گوڵ/٤٢) کە ڕووبە ری چینراوی دەگاتە (١٦٥) دونم،بەرێژەی نزیکەی ( ٠،٢٪)، لەکۆی ڕووبە ری چینراوی زستانە یە ، کە مترین ڕووبە ری چینراویش لە کە رتی (چمەشۆر /٢٩) تۆمارکراوە کە تەنها (٦٥) دونمە ، بەرێژەی نزیکەی ( ٠،١٪) لەکۆی ڕووبە ری چیندراوی زستانە ،پاشکۆی ژمارە(١)، لە ڕووی بری بە رهە مە وە زۆرترین بڕی بە رهە می زستانە لە گروپی یەکەم، لە کە رتی( کوردەمیر مارف سەیدە /٦١) تو مار کراوە کە (١١٤,٨) تە نە ، بەرێژەی نزیکەی (٠،٢٪) لە کوی بە رهە می زستانە لە سە ر ئاستی کە رتە کانی ئە م گروپە ، کە مترین بڕی بە رهە میش لە کە رتی (چەمەشۆر/٢٩) بە رهە م هاتووە کە برە کە ی (٣.٣٩) تە ن بووە، بەرێژەی نزیکەی (٠،١٪ )لەکۆی بەروبوومی چیندراوی زستانە بەگوێرەی داتاکانی پاشکۆی ژمارە(١) ، بە م شیوە یە کۆی گشتی ڕووبە ری چیندراوی بەروبوومی زستانە لە کە رتە کانی ئە م گروپە گە یشتوتە (٢٣٢٦) دونمە ڕێژەی (٢,٤)، لە کۆی ڕووبە ری چیندراوی بە روبوومی زستانە لە سە ر ئاستی قەزاکە، لەڕووی بڕی بە رهە م کۆی گشتی کە رتە کانی ئە م گروپە لە بە روبوومی زستانە گە یشتوتە (١٥٠٠,١) تە ن،ڕێژەی (٢,٥%) نەخشەی ژمارە(٣).

گروپی دووەم:

ئە م گروپە (٢١) کە رت لە خۆدە گرێت کە ڕووبە ری چیندراویان لە بە روبوومی زستانە لە نیوان(١٦٦-٣١٨) دونمە . بەرزترین ڕووبە ری چیندراوی زستانە لەم گروپە لە کە رتی (گوڵم کەوە /٤٠) تۆمارکراوە کە (٣١٨,٣) دونم ، بەرێژەی نزیکەی ( ٠،٣٪ ) لەکۆی ڕووبە ری چیندراوی زستانە یە لە سە ر ئاستی کە رتە کانی قەزاکە ،لە هە مان کاتدا کە مترین ڕووبە ری چیندراوی زستانە لە کە رتی( تورکەی ڕۆبیتەن /٤٥) دا تۆمارکراوە کە (١٦٧) دونمە ، بەرێژەی نزیکەی (٠،٢ ٪)لەکۆی ڕووبە ری چیندراوی زستانە یە.پاشکۆی ژمارە (١)،هەروەها لەڕووی بڕی بە رهە م لە سە ر ئاستی کە رتە کانی ئە م گروپە زۆرترین بڕی بە رهە می زستانە لە کە رتی (بنگرد /١٠١) تو مار کراوە کە (٢٢٢,٨) تە نە ، بەرێژەی نزیکەی ( ٠،٤٪)لەکۆی بڕی بەرهەمی زستانە ، کە مترین بڕی بە رهە میش لە کە رتی (تورکەی ڕۆبیتەن/٤٥) تو مار کراوە کە (١٠١,٨) تە نە ، بەرێژەی نزیکەی ( ٠،٢٪)لەکۆی بەرهەمی زستانە، بەگوێرەی داتاکانی پاشکوی (١ )، بە م شیوە یە کۆی گشتی ڕووبە ری چینراوی زستانە ی کە رتە کانی ئە م گروپە گە یشتوتە (٥٣٧٥) دونم

،(٥،٥)،لەکۆی ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانە ،کۆی بڕی بەرهەمی کەرتەکانی ئەم گروپە گەیشتۆتە(٣٣٣٧،٤)تەن،ڕێژەی (%٥،٦) ،نەخشەی ژمارە(٣)


گروپی سێیەم

ئە م گرووپە ئە و کە رتانە لە خۆ دە گرێت کە ڕووبە ری چیندراوی زستانە یيان لە نیوان ( ٣١٩-٥٠٣) دونمە ژمارە یان (٢٠) کە رت ،لە م گروپە دا کە رتی (سۆفی رەحیم رەزا بەگ/٢٤) بە پلە ی یە کە م دێت لە ڕووبە ری چیندراوی زستانە کە ڕووبە رە کە ی (٥٠٣) دونمە ، بەرێژەی نزیکەی (٠،٥ ٪)لەکوی ڕووبە ری چیندراوی زستانە ،کە مترین ڕووبە ری چیندراویش لە کە رتی (بەراوگەل/٥٥) بووە کە تە نها (٣١٩) دونمە، بەرێژەی نزیکەی (٠،٣ ٪)لەکوی ڕووبە ری چیندراوی زستانە لە ناوچە کە،لەم گرووپەدا کۆی گشتی ڕووبە ری چیندراوی بە روبوومی زستانە لە سە ر ئاستی قەزاکە گە یشتوتە (٧٩٩٦) دونم، ڕێژەی (%٨،٢).

هەروەها جیاوازی شوێنی هەیە لەکەرتەکانی ئەم گروپە لە ڕووی بری بە رهە مهێنانەوە زیاترین بری بە رهە می زستانە لە کە رتی (گەرمکەرەش/١٣) تو مار کراوە کە (٣٤٥) تە نە ، بەرێژەی نزیکەی (٠،٦٪)لەکۆی بەرهەمی زستانە ،هۆکاری بەرزی بڕی بەرهەم لەم کەرتەدا دەگەڕێتەوە زۆری ژمارەی دەستی کار و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووە،زیادبونی بری باران، ڕووبەری چیندراو...هتد.

کە مترین بە رهە م لە کە رتی(دووخران/٨٨) تۆمارکراوە کە تەنها (١٨٦،٥) تە ن ، بەرێژەی نزیکەی (٠،٣٪)لەکوی بەربوومی زستانە، هۆکاری نزمی بری بەرهەم لەم کەرتەدا دەگەڕێتەوە بۆ( کەمی دەستی کار،کەمی زەوی چێندراو،نەبوونی ئامێری کشتوکاڵی ،ڕەگەزەکانی ئاو هەوا...هتد)، کۆی گشتی و بری بە رهە می کە رتە کانی ئە م گروپە لە بە روبوومی زستانە گە یشتوتە (٤٨٨٥،٨) تە ن،ڕێژەی (٨،١٦) لە کوی بە رهە می ناوچە ی توێژینەوە.پاشکۆی ژمارە(١)

نەخشەی ژمارە(٣)دابەشبوونی جۆگرافی روبەروچێندراو ی بەروبوومی زستانە /دۆنم بۆ



سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە :پاشکۆی ژمارە(١)

گروپی چوارەم:

ئەم گرووپە ئە و کە رتانە لە خۆ دە گریت کە ڕووبە ری چیندر او بە بە روبوومی زستانەییان لە نیوان (٥٠٤-٩٠٨ ) دونمە ،ژمارەی کەرتەکانی کشتوکاڵ لەم گروپەدایە دەگاتە

(١٩) كه رت، به رزترين ڕووبه ری چيندراوی بەروبوومی زستانه له كه رته كانی ئه م گرووپه له كه رتی (عەلەو محه/١٠٠) تو مار كراوه كه (٩٠٨) دونمه ، بەرێژەی نزيكەی (٠،٩ %)لەكوی رووبه ری چينراوی زستانه كه مترين رووبه ری چينراو له چوارچيوه ی ئه م گرووپه كه رتی (دركەی سەروو/٢١) تومار كراوه كه رووبه ری چينراوی زستانه تيايدا ته نها (٥٣١) دونمه ، بەرێژەی نزيكەی (٠،٥ %)لەكوی ڕووبه ری چيندراوی زستانه له سه رئاستی كه رته كانی قەزاكه،هه روه ها له ڕووی بری به ر هه می زستانه له سه ر ئاستی كه رتەكانی ئەم گرووپه ،زياترين بری بەرهەمی زستانه لەسەر ئاستی كەرتەكانی ئەم گرووپه بريتيه لەكەرتی (عەلە و محه/١٠٠) تۆماركراوه، بره كه ی (٥٩٥،٨) ته نه ، بەرێژەی نزيكەی (١٪)لەكۆی بەروبوومی زستانه، كه مترين بری به ر هه می زستانه له م گرووپه له كه رتی (تم تمه/٣٩) دا تو مار كراوه كه (٢٩٢) ته نه ، بەرێژەی نزيكەی (٠،٥ ٪)لەكۆی بەرهەمی زستانه، له سه ر ئاستی كه رته كانی قەزاكه ،به م شيوه يه ڕووبه ری چيندراوی زستانه له كه رته كانی ئه م گرووپه گه يشتوته (١٤٠٠٨) دونم ،رێژەی (١٤،٢%)، له كوی ڕووبه ری چينراوی به روبوومی زستانه له سه ر ئاستی قەزاكه ،له هه مان كاتدا بری به رهه می كه رته كانی ئه م گرووپه له به روبوومی زستانه گه يشتوته (٨٥٩٨،٩) ته ن .رێژەی (١٤،٤%)لەكۆی بەرهەمی قەزاكه، نەخشەی ژماره(٣) ،پاشكۆی ژماره(١ )

گرووپی پێنجەم:

ژمارەی كه رته كان كەده كه ونه ئه م گرووپه وه ژماره يان (٢٣) كه رت ، ڕووبه ری چيندراوی زستانه تيایاندا له نيوان (٩٠٩-١٤٤٣) دۆنمه، زياترين ڕووبه ری چيندراوی زستانه له م گرووپه له كه رتی(گەرمكی باشكی/١١١)تۆماركراوه كه ڕووبەری (١٤٤٣)دۆنمه، بەرێژەی نزيكەی (١،٥ ٪)لەكۆی ڕووبه ری چيندراوی زستانه هەروەها كه مترين رووبه ری چينراوی زستانه له كه رتی (زەرين/٧٦) تۆمار كراوه كه رووبه ره كه ی (٩١٧) دونمه ، بەرێژەی نزيكەی (٠،٩ ٪)لەكۆی ڕووبه ری چيندراوی زستانه، نەخشەی ژماره (٣)،هەروەها له ڕووی بری به رهه مه وه زياترين بری به رهه م له م گرووپه له كه رتی (گەرمكی باشكی/١١١) تو مار كراوه و گه يشتوته(٩٠١،١) ته ن ، بەرێژەی نزيكەی (٥،١ ٪)لەكۆی بەرهەمی زستانه كه مترين بری به رهه ميش له كه رتی ( بكربايف/٣٢) تو مار كراوه كه(٥٤٣،٢) ته نه، بەرێژەی نزيكەی (٠،٩ ٪)لەكوی بەروبوومی چينراوی زستانه لەسەر ئاستی كه رته كانی ئه م گرووپه .پاشكۆی ژماره (١)

كۆی گشتی ڕووبه ری چیندراوی بەروبوومی زستانه له که رته کانی ئه م گروپه گه یشتوته (٢٦٣٠٦) دونم ،ڕێژەی (٢٦,٧%)،له کوی رووبه ری چینراوی به روبوومی زستانه ، له هه مان کاتدا کۆی بری به رهه می که رته کانی ئه م گروپه له به روبوومی زستانه گه یشتونه (١٥٩٥٤,٢) ته ن،ڕێژەی (٢٦,٦%) ، نەخشەی ژماره (٣).

گروپی شەشەم:

گروپی شەشەم بەرزترین ڕووبەری چێندراو و بەرهەمی زستانه لەم گروپەیه ، کۆی گشتی ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانه لەم گروپەدا گەشتوتە(٤٢٤٢٤)دۆنم بووه ڕێژەی (٤٣,١%)،رووبەری چێندراو لەم گروپه لەنێوان (١٤٤٤-٥٦١٢)دۆنم بووە،بەرزترین و نزمترین رووبەر و بری بەر هه لەم گروپه له کەرتی (گۆبان/١٠٦،حەسەن محه/١١٧)تۆمارکراوە، بەرزترین ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانه لەکەرتی (گۆبان/١٠٦)تۆمارکراوه که (٥٦١٢)دۆنم بووه، بەرێژەی نزیکەی (٥،٦ ٪)لەکوی رووبه ری چیندراوی زستانه ، نەخشەی ژماره (٣)،هەروەها لەڕووی بری بەرهەمهێنانەوه دەبینین لەسەرئاستی ئەم گروپه بەرزترین بری بەرهەمی زستانه لەکەرتی کشتوکاڵی(گۆبان/١٠٦)تۆمارکراوه که برەکەی (٢٩٥٣)تەنە، بەرێژەی نزیکەی (٤،٩ ٪)لەکوی بەرهەمی زستانه،نزمترین ڕووبەری چێندراویش لەکەرتی (حەسەن محه/١١٧)تۆمارکراوه کە(١٤٥٥)دۆنم بووه، بەرێژەی نزیکەی (١،٥ ٪)لەکوی ڕووبه ری چینراوی زستانه، ژمارەی کەرتەکان لەم گرووپه دەگاته (١٩) کەرت .لەڕووی بری بەرهەمهێنانەوه دەبینین لەسەرئاستی ئەم گروپه کەمترین بری بەرهەمیش لەکەرتی کشتوکاڵی (حەسەن محه/١١٧)کە بری بەرهەم هێنانی دەگاته (٨٣٨)تەن، بەرێژەی نزیکەی (١،٤ %)لەکوی بەروبوومی چینراوی زستانه کۆی گشتی بری بەرهەمی زستانه لەم گروپەدا دەگاتە(٢٥٦٠٩)تەن.ڕێژەی (٤٢,٧%)،بروانه پاشکۆی ژماره (١)

**تەوەری سێیەم:جیاوازی شوێنی به کارهێنانی زه وی کشتوکاڵی بەروبومی زستانه له قه زای کەلار بۆ ساڵی٢٠٢٣**

بەکارهێنانی هەمان شێوازی پۆلینکردنی زانیاری بۆ ساڵی (٢٠٢٣) ڕێگای دەدات بۆ بەراوردی زانستی و ڕوونی گۆڕانکارییەکان لە نێوان ساڵەکان. ئەم شێوازە دەتوانێت نیشان بدات کە لە کام گرووپ و لە کام ناوچە گۆڕانکارییەکی زۆر یان کەم ڕوویداوە، بە تایبەتی لە کەمبوون یان زیادبوونی بەروبومی زستانە ، بەکارهێنانی هەمان شێوازی پۆلینکراوە

بۆ(شەش گروپ) دابەشکراوە کەپێک هاتووە لە (١٢٢)کەرتی کشتوکاڵی بەپێی ڕووبەری کشتوکاڵی دابەش کراون. لەناوچەی توێژینەوە ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانە لەساڵی (٢٠٢٣)گەیشتۆتە (١٠٩١٠٠)دۆنم، بری بەرهەمی بەروبومی زستانە گەیشتۆتە (٧٦٣٤٩) وەک ساڵی بەراوردکاری، هەروەها لەسەر ئاستی یەکەکارگێریەکان زۆرترین ڕووبەری چێندراو لە ناوەندی قەزای کەلار دەگاتە(٤٢٠٥٦)دۆنم،ڕێژەی (٣٨,٥%)،کەمترین ڕوبەری چێندراو لەناحیەی پێباز شێخ تەویل دەگاتە(٣٣٤٨٤)دۆنم بەرێژەی (٣٠,٧%)، خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧)ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی زستانە /دۆنم بەگوێرەی یەکە کارگێرییەکان لەناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ژ | یەکی کارگێری | زستانە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی کەلار | ٤٢٠٥٦ | ٣٨,٥ |
| ٢ | رزگاری | ٣٣٥٦٠ | ٣٠,٨ |
| ٣ | پێباز *شێختەویل | ٣٣٤٨٤ | ٣٠,٧ |
|  | کۆ | ١٠٩١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە(٢)

